www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 14:57 2006-7-24

# رۆڵی یەكگرتوو لە پرۆسەی بەخۆماڵیكردنی ئاراستەی ئیسلامی لە كوردستاندا .. هادی عەلی .. بەشی یەكەم

پێشەكی:
بێگومان ئیسلام وەك پەیامی خوایی بۆ زەوی، گەردوونی و جیهانییە و هەتاهەتاییشە بۆ گشت زەمان و مەكانێك. ئەو راستییەش پێویستە لەبەرچاو رۆشن بێت كە ئەم ئایینە پیرۆزە بۆ مرۆڤ هاتووە و لەلایەن مرۆڤەوە تاك بێت یان كۆمەڵ جێبەجێ دەكرێت و حەرەكەت و ئاراستەی ژیانی پێ رێك دەخرێت، هەر لە بەر ئەم هۆیەیە كە لە قوناغە جیاجیاكانی مێژوودا بۆ هەر نەتەوە و هۆزێك پێغەمبەری تایبەتی خۆیان بۆ نێردراوە: (وَإِنْ مِنْ أُمَّةٍ إِلاَّ خَلا فِيهَا نَذِيرٌ) (1) و پەیامی هەر پێغەمبەرێك بە زمان و شێوەزاری ئەو نەتەوە بووە كە بۆی نێردراوە: (وَمَا أَرْسَلْنَا مِنْ رَسُولٍ إِلاَّ بِلِسَانِ قَوْمِهِ لِيُبَيِّنَ لَهُمْ) (2) و بۆ هەر پێغەمبەرێك شەریعەت و بەرنامەی تایبەت بەخۆی ئەو كۆمەڵگەی كە تیایدا ژیاوە بۆی نێردراوەتە خوارەوە: (لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنْكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا) (3) .
لە مێژووی چوار سەدەی ئایینی ئیسلامیشدا و لە قۆناغە جیاجیاكانی ئەو مێژووەدا چەندین مەزهەب و پێرەوی فیكری و فیقهی و زەمان و مەكانی جیاجیادا سەریانهەڵداوە و ناوچە و نەتەوە جیاوازەكانی شوێنكەوتووی ئاینی ئیسلام لەسەری دەڕۆن و پەیرەوی لێ دەكەن، ئەوەش بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە هەبوونی فرەیی لە (شرائع و مژاهب) دا لە روانگەی ئیسلامەوە مەسەلەیەكی سروشتییە و زەرورەتێكی واقیعییە.
لەلایەكی ترەوە راستە كە ئیسلام بۆ خۆی حەرەكەتێكی گۆڕانخوازە، بەڵام لە هەمان كاتدا حەرەكتێكی ئیسڵاحییە و لە پرۆسەی گۆڕین و چاكسازیدا سود لە جێدەستی پێشینان و كاری ئەنجامدراو و كەڵەكەبوونی مێژووی پێش خۆی وەردەگرێت و بینای نوێی لەسەر دەست پێدەكات. بۆ نموونە قورئانی پیرۆز ئایین و شەریعەتەكانی پێش خۆی فەرامۆش نەكردووە، بەڵكو رەچاوی بۆ ماوەی حەنیفیەتی حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیل و پێغەمبەرانی پێش خۆی كردووە و لەسەر هەموو ئەوانەوە بینای نوێی ئیسلامەتی بنیات ناوە، پێغەمبەریش (د. خ) راشكاوانە خۆی بە تەواوكاری بەرنامەی پێغەمبەرانی پێش خۆی لەقەڵەم داوە.
لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بە دڵنیاییەوە كە ئیسلام وەك ئایین و دروشمەكان و سیستەمی بەهاكان و بنەما نەگۆڕ و گشتییەكان پەیامێكی گەردوونی و جیهانییە، بەڵام لە هەمان كاتدا هەل و مەرج و بارودۆخی گەل و نەتەوە جیاوازەكان و ناوچە و هەرێمە جیاجیاكان لەبەرچاو دەگرێت و كار لەسەر تواندنەوەی جیاوازییەكان و سڕینەوەی تایبەتمەندییەكانیان ناكات. روونتر بڵێین ئیسلام وەك ئاوی باران لە ئاسمانەوە دەڕژێتە سەر زەوی و تێكەڵ بە هەوا و خاك دەبێت تام و رەنگی جیاجیا وەردەگرێت و لە هەر ناوچە و خاكێكدا رووەك و دار و درەخت و گوڵ و گوڵزاری جیاجیا شین دەكات.
بەهەمان شێوە پەیامی ئیسلام لە قۆناغەكانی مێژوودا كارلێككردنی لەگەڵ كۆمەڵگە جیاجیاكاندا كردووە و تێكەڵ بە داب و نەریت و تایبەتمەندییەكانیان بووە و بۆ هەر كۆمەڵگە و ناوچەیەك رەنگ و شێوەی جیاجیای وەرگرتووە بە پاراستنی دروشمەكانی و بنەما نەگۆڕ و گشتییەكانی خۆی لەسەر ئاستی جیهانی و گەردوونی، بۆیە دەبینین كە بزاڤی چاكسازی و نوێكردنەوەی ئاینی ئیسلام لە كۆن و نوێدا، چ لە رووی تیۆری و فیكرییەوە بێت، یان لە رووی واقیعی ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بێت، هەمیشە مۆرك و تایبەتمەندییەكانی ئەو كۆمەڵگە و ناوچانەی لەخۆ گرتووە كە تیایدا سەری هەڵداوە و چارەسەركردنی كێشە و گرفتە ئایینی و كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی سەردەمەكەی خۆی كردووەتە بەرنامە و ستراتیژ و، ئەولەویاتی لەسەر داڕشتووە.

(عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) و (سەلاحەدینی ئەیوبی) هەرکام وەك خەلیفە یان سەرکردە و رابەری سیاسی، هەروەها (ئیمامی ئەبو حەنیفە) و (ئیمامی غەزالی) و (ئیبن تەیمیە) وەك زانا و رابەری فیقهی و فیکری، لە سەدەکانی سەرەتا و ناوەڕاستی ئیسلامیدا سەریانهەڵداوە، هەرکام لە سەردەمی خۆیدا کێشە و گرفتە داخوازییەکانی کۆمەڵگە موسڵمانەکانی خۆیان لە روانگەی ئیسلامەوە کردووەتە بەرنامە و هەوڵیانداوە بۆ چارەسەرکردنیان بە رەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسیی دەوڵەتی ئیسلامی لەو رۆژگارەدا..

لە سەردەمی نوێدا بزاڤی چاکسازیی ئایینی و سیاسی لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کە (شێخ جەمالەدینی ئەفغانی) و قوتابییەکانی رێبەرایەتییان دەکرد، پاشان بزاڤی بێداربوونەوە و رابوونی ئیسلامی لە میسر و ناوچەی عەرەبیدا بزاڤی وەهابی و سەلەفی لە عەرەبستانی سعودیە و ناوچەکاندا و، حەرەکەی نوور لە تورکیا و، حەرەکاتی جیهادی و چەکداری لە فەلەستین و ئەفغانستان، هەروەها بزاڤە ئیسلامییەکانی وڵاتانی ئیسلامی وەك پاکستان و ئێران و ئەندەنوسیا و مالیزیا و مەغریبی عەرەبی و... هتد، هەرکام لەو بزاڤ و جوڵانەوانە، هەڵقوڵاوی واقعی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسیی وڵات و ناوچەکانی خۆیانن و مۆرك و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەکانی خۆیان لەخۆ گرتووە و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەکانی خۆیان وەك ئەولەویەتی ئەرك و کارنامەی خۆیان لەبەرچاو گرتووە، چونکە هەر بزاڤێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیسلامی بێت یان غەیری ئیسلامی، ئەگەر هەڵقوڵاوی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەزهەبیی کۆمەڵگەی خۆی نەبێت و کار بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی نەکات، ئەوا هەر لە سەرەتاوە بە ئیفلیجی و دابڕاو لەدایك دەبێت، ناتوانێت تەعبیری راستگۆیانە بە خواست و پێداویستییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی بکات و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و سەرەنجام بەرەو پووکانەوە و بەرکەناربوون دەڕوات.

پارتە کۆمۆنیستی و سۆشیالیستەکانی وڵاتانی ئیسلامی و جیهانی سێیەم لە سەدەی بیستەمدا نمونەی بەرچاوی ئەو حەقیقەتە ناواقیعییە بوون، بۆیە شکستیان هێنا و نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەگەرچی داوای دەستەبەرکردنی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی چین و توێژە هەژارەکانیان دەکرد، بەڵام رێباز و بەرنامەی فیکری و سیاسییان درێژکراوەی پرۆگرامی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی سۆسیالیستیی جاران بوو، لەلایەکی تریشەوە رەچاوی لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی تایبەتمەندییەکانی نەتەوە و کۆمەڵگەکانی خۆیان نەدەکرد، بزاڤە ئیسلامییەکانیش لە هەندێ ناوچە و وڵاتاندا تا رادەیەك دوچاری هەمان هەڵە و گیروگرفت بوونەتەوە، کوردستانی خۆمان و گەلی کورد بە گشتی بە حوکمی واقیعی نائاسایی و دابەشبوونی نیشتمانەکەی بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاجیادا، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەندێ قۆناغی مێژوییدا رووبەڕووی ئەو حاڵەتە بووەتەوە و نەیوانیوە خاوەنی بزاڤێکی ئیسلامیی سەربەخۆ و هەڵقوڵاوی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان خۆی بێت، حەرەکەی نوور کە لە سەرەتاوە لەسەر دەستی مامۆستا (سەعید نورسی) لە کوردستانی تورکیا سەریهەڵداوە، بەڵام لە سایەی رژێمی دکتاتۆری کەمالییەکاندا نەیتوانیوە لە کوردستانی تورکیادا وەك پێویست گەشە بکات و ئینجا لەسەر ئاستی تورکیا گەشەی کردووە و تا رادەیەکی بەرچاو لە ناو تورکەکاندا بەهێزترە.

لە کوردستانی ئێرانیش بە هۆی باڵادەستیی رژێمی دیکتاتۆری شاهەنشاهی و دواتر زاڵبوونی سیستەمی تاك مەزهەبی و رێبازی ویلایەتی فەقیهی شیعەگەرایی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، هیچ بوارێك نەڕەخساوە بۆ سەرهەڵدانی بزاڤێکی ئیسلامیی کاریگەر لە کوردستانی ئێراندا، جگە لە هەوڵێکی سنورداری مامۆستا (موفتی زادە) .

هەرچی کوردستانی عێراقیشە بانگەوازی ئیسلامی وەك ناوچەکانی تری عێراق هەر لە سەرەتاوە درێژکراوەی بزاڤی ئیخوانی بووە و تا ساڵانی پێش راپەڕینی بەهاری (1991) زۆر کەم توانیویەتی

کوردی یان کوردستانی بێت، بەڵکو تا ئاستێکی زیاد لە پێویست مۆرکی عێراقیبوون و جیهانیبوونی لەخۆ گرتبوو، چونکە بەرنامەی کۆمەڵی برایان لە چوارچێوەی ئوممەتی ئیسلامیدا کار ئەکات، ئەوەش بێگومان هۆکارێکی سەلبی بوو لەسەر ئەوەی کە نەیتوانی وەك پێویست ببێتە بزاڤێکی جەماوەری و و نیشتمانی و فاکتەرێکی بەهێز و حساب بۆکراو بێت لە هاوکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی کوردستاندا، ئەو حاڵەتە نەخوازراو و نادروستە درێژەی هەبوو تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئەوە بوو لە ساڵی (1987) دا (بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان) بە رێبەرایەتیی دەستەیەك لە زانایان و رموزی تەیاری ئیسلامیی کوردستان راگەیەنرا، کە تا رادەیەکی بەرچاو کوردستانیبوونەکەی رۆشن بوو، توانی حاڵەتی ئیسلامیی کوردستان لە قۆناغی بانگەواز و پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناغی خەباتی سیاسی و چەکداری دژ بە رژێمی دیکتاتۆری بەعس شان بەشانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی تری ساحەی کوردستان، بەو هۆیەوە بزوتنەوەکە توانی تا رادەیەکی باش جەماوەرییبوون و کاریگەریی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام مەخابن دوای راپەڕین بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی سەرتاسەریی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوە نیشتمانییەکانی تری ئەزموونی سیاسیی کوردی، بزوتنەوەکە کەوتە ژێر کاریگەریی فیکری سەلەفی و جیهادی، کە زیاتر هەڵقوڵاوی واقیعی عەرەبستانی سعودیە و کێشەی فەلەستین و هەلومەرجی ئەفغانستان بوو، بە هۆیەوە کوردستانیبوونەکەی کەم کەم بەرەو کاڵبوونەوە رۆیشت و نەیتوانی مەنهەجیەتێکی فیکری و میانەڕەو و خۆماڵی بۆ خۆی بڕیار بدات و ستراتیژێکی جێگری کوردستان بگرێتە بەر کە بگونجێت لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکەدا، لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە لە دوای جەنگی رزگارکردنی کوەیت لە عێراق و ناچەکەدا هاتە کایەوە و هەرێمی ئازادکراوی کوردستان پێی نایە هەلومەرجێکی نوێوە لە ژێر چەتری پاراستنی نێودەوڵەتیدا.. لە ئەنجامی ئەو وەزعەدا سەرکردایەتیی بزوتنەوەی ئیسلامی کۆنترۆڵی لەدەست دا و دوچاری رووبەڕووبوونەوەی دژوار هات و، سەرەنجام بەرەو لێکهەڵوەشانەوە و بەرکەناربوون چوو